# ئاگات لەدەمت بێت!

کاتی خۆی کرێکارێکی نەخوێندەوار لەئەنبارێکی گەورەی شارێك لەشارەکانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کارەکەی ئەوە بووە فەردەکان تەماشا بکات و ئەگەر شتەکانی ناوی بێ کەموکوڕی بوون، لەسەر هەریەکێکیان بنووسێ هەموو شتێك باشە، واتە بەزمانی خۆیان ALL Correct.

بەلاّم چونکە کرێکارەکە نەیئەزانی ئەو دوو وشەیە بە ئیملای تەواو بنووسێت، تەنیا فۆنەتیکی (دەنگی) پیتە یەکەمەکانی هەردوو وشەکەی کردە بنەماو هەر گوێنیەك بێ کەموکوڕی بوایە لێی ئەنووسی o.k ئەم (ئۆکەی)یە وردە وردە برەوی پەیدا کردو سەرتاپای دنیای گرتەوەو بووە زاراوەیەکی ئینتەرناسیۆنالی.

باشە ئەگەر کرێکارێکی نەخوێندەوار توانای دروستکردنی زاراوەیەکی ئاوای هەبێت، ئەی بۆچی ئێمە نەتوانین چاوخشاندنەوەیەك بکەین بەو رستەو وشانەی کە لەگفتوگۆکردندا بەکاریان دێنین؟!

بێگومان ئەتوانین، بەو مەرجەی پێداگری بکەین لەسەریان و کەسانی نزیك و دەوروبەرەکەشمان رابهێنین. کارێکی لەو جۆرەو هەڵبژاردنی وشەو زاراوەو دەستەواژەی گونجاو لەقسەکردنماندا کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر بەرامبەرەکانمان. مرۆڤ چەند بتوانێ وشەی ئیجابی و شێوازی دیپلۆماسی بەکار بهێنێ، هێندە کاردانەوەی باش و ئیجابی لەوکەسەدا دروست ئەکات کە لەگەڵیدا ئەدوێت، بەپێچەوانەشەوە وشەی زبرو سلبی و دوور لەزەوقی کۆمەلاّیەتی هاوچەرخ ئەبنە دیواری بڵند لەنێوان گفتوگۆکەراندا.

با بەچەند نموونەیەك دەست پێ بکەین و هەر کەسەشمان لەماڵەوەو لەشوێنی کارو لەگەڵ هاوڕێ و هاوکارو کەسە نزیکەکانمان ئەم شێوازی گۆرانکارییە بکەینە گەمەو مەشقێکی رۆژانە.



دڵنیابین بەمروری زەمان هەمان چیرۆکی بڵاوبوونەوەکەی (ok) لەسەر ئێمەش دووبارە ئەبێتەوە.

لەبەرئەوە:

مەڵێ: ماندوو نەبیت
بڵێ: شادو چالاك بیت
مەڵێ: من
بڵێ: بەندە
مەڵێ: لاواز نیم
بڵێ: بەهێزم
مەڵێ: لاچۆ لەبەرچاوم
بڵێ: باشتروایە ماوەیەك یەکتری نەبینین
مەڵێ: مەقیرێنە هێی
بڵێ: نەختێك هێواشتر قسە بکە
مەڵێ: دەك ماڵی فشەت بەقوڕ گیرێ
بڵێ: جوانتر وایە مرۆڤ راستی بڵێ
مەڵێ: موشکیلەیەو زەحمەتە
بڵێ: زۆر ئاسان نیە
مەڵێ: ئەوەندە مەخۆ ئەدڕێی
بڵێ: ئەتوانیت نەختێك کەمتر بخۆی
مەڵێ: شکستم خوارد
بڵێ: ئەزموونێکی تازەم وەرگرت
مەڵێ: تازە ئومێدم پێی نەماوە
بڵێ: دوایی بیرێکی لێ ئەکەینەوە
مەڵێ: ئەری بۆ هێندە موزعیجیت
بڵێ: چ خۆشییەك لەم کارە ئەبینیت
مەڵێ: کورەکەم زۆر عەجول و شەیتانە
بڵێ: کورەکەم زۆر حەزی لە جووڵەیە
مەڵێ: مردم هەتا تەواوم کرد
بڵێ: زۆر ئاسان نەبوو
مەڵێ: لەعنەت لەباوکی ئەو کەسەی لێرەدا خۆڵ و خاشاك ئەرێژێت
بڵێ: رەحمەت لەباوکی ئەو کەسەی لێرەدا خۆڵ و خاشاك نارێژێ
مەڵێ: بۆ تێناگەی، خۆ کەڕ نیت
بڵێ: وابزانم ئاگات لەقسەکانم نەبوو
مەڵێ: ها بگرە
بڵێ: پێشکەشە بە ئێوە
مەڵێ: تۆ
بڵێ: ئێوە
مەڵێ: پێویستە
بڵێ: تکایە
مەڵێ: خراپ نیم
بڵێ: باشم
مەڵێ: کورە دە تێی هەڵلە کەی وەختی ئەوەیە!!
بڵێ: ئینشائەڵلا بۆ کاتێکی تر

و: د. شێرکۆ
سەرچاوە/ گۆڤاری شادکامی ژ/ ٦٨